# هیوای نوێ

بڵاوکراوەیەکی سیاسی ـ گشتییە، ئۆرگانی ڕاگەیاندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات    ژمارە: 44 ـ 2010\06\02 زایینی بەرابەر بە 12 ی جۆزەردانی ساڵی2710ی کوردی    www.ydkurd.org




**وەك داواکاری و هەڵوێستی هەمیشەییمان، بانگەشەی هەموو لایەنێکی کوردی دەکەین تا بۆ دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی، دەرفەت بە فیڕۆ نەدەین و زەمینە و بەستەری پێویست بۆ ئەو ئەرکە گرینگە ئامادە بکرێت. پێمان وایە دروستکردنی هەر کێشە و کۆسپێك لەم ڕێگەیەدا، دژی قازانجی نەتەوەییە و وەلانانی بایس و بانیگەلی کۆسپ و کێشەکان ئەرکی نەتەوەییە. کەوابێ دەستاوێژی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی ڕوون و ئاشکرایە...**

بڕو بۆ لاپەڕەی 2

# نیگەرانییەکان لەسەر بەرنامەی ناوەکیی ئێران زۆرتر دەبێت





لە دوای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی وزەی ناوەکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەرنامەی ناوەکیی ئێران کە باسی ئەوە دەکات پاشکەوتی یۆرانیۆمی پیتێنراوی ئێران گەیشتۆتە 2400 کیلۆگرام، کاردانەوەی جۆراوجۆری وڵاتانی جیهانی لێکەوتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە نیکۆلای پاترۆشێف سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕووسیا لە پەیوەندییەکی تەلەفوونیدا دەگەڵ هاوتای خۆی لە ئێران، بەڵێنی داوە یارمەتی ئێران دەدات تا لە ڕەوتی وتووێژ سەبارەت بە بەرنامەی ناوەکیدا بتوانێ سەرکەوێ. هەروەها ئاماژەشی بەوەداوە کە بیاننامەی تاران کە لەودا سێ وڵاتی ئێران، تورکیا و برزیل واژوویان کردووە، هیچ گەرەنتییەك نییە تا ئێران ئەرکەکانی خۆی بەجێ بێنێ و لەسەر بەڵێنییەکانی بمێنێتەوە و، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە واژوو کردنی ئە بەڵگەیە لە لایەن ئێرانەوە نابێ بە هۆیەك تا ئابلۆقەی نوێی بۆ پەسەند نەکرێت.

لەم ڕاستایەدا دەوڵەتی چین داوای لە ئێران کرد تا هاوکاری زۆرتری ئاژانسی وزەی ناوەکی بکات و نیگەرانییەکان لەمەڕ ئەگەری دروستکردنی کلاوەی ئەتۆمی کەم بکاتەوە. چین سوپاس و ستایشی خۆی ئاراستەی ئاژانسی وزەی ناوەکی کرد و هیوای خواست ئێران خێراتر و زۆرتر دەگەڵ ئاژانسدا هاوکاری هەبێ.

> **بیاننامەی تاران هیچ گەرەنتییەك نییە تا ئێران ئەرکەکانی خۆی بەجێ بێنێ و لەسەر بەڵێنییەکانی بمێنێتەوە**

ڕاپۆرتی ئاژانس ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە ئێران خەریکی پیتاندنی یۆرانیۆم تا ڕێژەی لە سەدا بیستە و ئەمەش نیگەرانییەکان زۆرتر دەکات. هەروەها باس لەوە دەکات کە گۆیا نیشانەگەلێکیان لە پەرەسەندنی بارێکی ئەتۆمی تایبەت بە مووشەك بینیوە.

هاوکات وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە، بێرنار والرۆ وتی: بە دیتنی ڕاپۆرتی ئاژانس، وڵاتەکەی و وڵاتانی 5+1ناچارن هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ تا ئابلۆقەی نوێ و کارتێکەر بەسەر ئێراندا پەسەند بکەن. هەروەها وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی ئامریکا وتویەتی: ڕاپۆرتی نوێی ئاژانس ئەو ڕاستییە دەدەخات کە ئێران پابەند نییە بە بەڵێنیەکانی لە ئاست ناونەتەوەییدا.

هەر لەمبارەوە فیتز پاتریك وتی: واژووکردنی هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی لەمەر پیتاندنی یۆرانیۆم کە ئێران وەك بەدیلێك بۆ پێشنیاری ئاژانسی وەزەی ناوەکی گرتوویەتیە بەر، هیچکات نیگەرانییەکان کەم ناکاتەوە. چوونکو ئێران بەردەوام داخوازی ئاژانس ڕەت دەکاتەوە. هەروەها وتی: ڕاپۆرت باسی ئەوە دەکات هێشتا ئێران هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر پرسیارەکانی تایبەت بە بنکەی ئەتۆمی فەردۆ نەداوە و ڕێگەشی نەداوە تا ئاژانس سەردانی دامەزراوەی پەیوەندیدار بە ئاوی قوورس بکات. ئێران بەردەوام لە ئاراستەکردنی ئەو زانیارییانە کەوا بواری سەربازیی چالاکییەکان دەردەخات، خۆی دەدزێتەوە.

ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە پێشتر عەلی ئەسغەر سولتانییە نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە ئاژانسی وەزەی ناوەکی وتبووی ڕاپۆرتی نوێی ئاژانس، ئاشتیخوازانەبوونی چالاکییەکانی ئێران ئاشکرا دەکات.

## هیوایەکی تر

## خاڵی هاوبەشی نێوان بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و بزوتنەوەی سەوز، خەباتی مەدەنی ئەوانە

لە ساڵرۆژی ساختەکاری لە ئەنجامی دەنگەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێتی لە ئێران نزیك دەبینەوە. کەواتە دروست بۆ یەکساڵ دەڕوات کە بەناو دەوڵەتی کودەتا دەسەلاتی سەرۆککۆمارێتی و زۆر پۆست و شوێنی هەستیاری دیکەی لە سیستمی ئیسلامی ئێران بەدەستەوە گرتووە. دەگەڵ ئەوەشدا کە خەباتی مەدەنی بۆ چەسپاندنی داخوازی و ویستی جەماوەری ناڕازی لە ئێران بەردەوام بووە و لەڕاستیدا پرۆسەیەکی سەرکەوتووانەی خولقاندوە، بەڵام کوردیش هەمان ڕێگە و ڕێکردی گرتۆتەبەر، ئەمما بەو جیاوازییەی کە کورد بۆ چەسپاندنی ماف نەتەوەیی خوەی و دەست ڕاگرتنی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران لە زەبر و زەخت و سڕینەوەی جەستەیی چالاکانی کورد دەیکات و بزوتنەوەی سەوزی ئێران بە ناوی ساختەکاری لە دەنگەکان و بابەتانێك کە ڕاستەوخۆ کورد ناگرێتەوە و لە چواردەوری هەڵبژاردن و پێشێل کردنی ماف دەنگدەران دەخولێتەوە. بەشێوەیەکی نەبەرچاو کوردیش نەك هەر بزوتنەوەی سەوز، بەڵکو لە بزوتنەوە سەراسەرییەکان لە ئێران بەشداری کردووە، بەڵام هەر دەم بە بزوتنەوە و جووڵانەوەیەك کە بە هی خوەی بزانێت نەبووە یا بزوتنەوەکە ئەو هەستەی لە ناو تاکی کورددا دروست کردوە تا بە هی خوەی نەزانێت.

کورد و ستراتژی خەباتی ئاشتیخوازانە تا ئەم ساتەوەختە بە جوانی لە یەك هەڵپێکاون و لەڕاستیدا دواهات و کاریگەری بەرچاوتر و لە هەمان کاتدا بەسوودتری بەرهەم هێناوە و هاوئاهەنگی گەلی کورد لە پێشبردنی ئەم چەشنی خەباتەدا شایەنی ڕێز و دڵخۆشییە و دامەزراوەیی کردنی، دەتوانی لە درێژماوەدا ڕێکرد و ستراتژییەکانی دیکەی خەبات ڕەت بکاتەوە.

ئەمما خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە خەباتی مەدەنی کورد تێکەڵ بە بزوتنەوەی سەوز دەکرێت. لە کاتێکدا کە دوو ڕەوتی جیاوازن، لە هەمانکاتدا لە هیندێ خاڵی بچووکدا هاوبەش یا هاوهەڵوێستن و ئەمەش وای کردووە تا شرۆڤەی هەڵە لە خەباتی مەدەنی کورد کە بەپێی خاڵە بچووکە هاوبەشەکان کراوە, بکرێ و تەنانەت خەباتی مەدەنی ـ نەتەوەیی کورد وەك بەشێك لە خەباتی بزوتنەوەی سەوز بناسرێ و سەرچاوەگرتوو لەو لەقەڵەم بدرێت. بەکورتی، ئەو جۆرە واتابەخشینە بە خەباتی ڕەوا و هەمیشەیی کورد، نەك هەر جێی شانازی نییە، بەڵکو ئەوەشمان پێ نابەخشێ کە خەباتی ڕەوای کورد ڕەنگدانەوەی زۆرتری هەبێ. چوونکە گرێدانی خەباتی نەتەوەیی کورد و بزوتنەوەی سەوز، ئەگەر زیان و زەرەر لە بزوتنەوەی کورد نەدا و کەمڕەنگ و ئاست نەزمی نەکات، بێگومان زەق و بەرجستەی ناکاتەوە. لەبەرکو داخوازی و ئامانجی هەر یەك لەوان، دژبەر و لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا لە یەك جیان. بۆیە ئەگەر شرۆڤە و لێکدانەوە لەسەر خاڵی هاوبەشی نێوان بزوتنەوەی سەوز و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بکرێ، و ئەو دووانە لەیەك ڕێبازدا و تەنانەت بە یەك جووڵە بزانن، بێگومان هەڵەیەکی مێژووی و بەلاڕێدا بردنێکی ئەنقەستە. بێگومان دەبێ بەباشی لەو بگەین کە ئەگەرچی خەباتی نەتەوەیی کورد و بزوتنەوەی سەوز بە ڕێکرد و یەك جۆر خەبات دەکەن و ئەویش خەباتی مەدەنی ـ دیموکراتیکانەیە، بەڵام ئامانجی ئەوان یەك نین.

## بەیاننامەی کوردیناسیۆنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان"

ڕووناکبیران و چالاکڤانانی مەدەنی
لە ڕۆژهەلاتی کوردستان
سیاسەتوانان و لایەنە کوردستانییەکان
گەلی نیشتمان خۆشەویستی کورد
خۆمان بە بەختەوەر دەزانین و شانازی پێوە دەکەین لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، پیرۆزبایی پەڕ بەدڵی خۆمان بە بۆنەی "پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان" پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست و هەمیشە حازر و ئامادە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەتەوەییدا بکەین...

بڕۆ بۆ لاپەرەی 2

# ڕەوتێکی بێ سەر و شوێن کردن لە پارێزگای کرماشان دەستی پێکردووە




بە گوێرەی هەواڵەکان جم و جووڵی هێزەکانی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران لە پارێزگای کرماشان زۆرتر بووە و کەشێکی ئەمنی پێوەدیارە، ئەمەش لە کاتێکدایە ساڵرۆژی ساختەکاری لە هەڵبژاردن و دەوڵەتی کودەتا نزیك دەبێتەوە، بۆیە ڕێی و شوێنی ئەمنی گیراوەتە بەر. هەروەها باس لەوە دەکرێ گوشار بۆ سەر دانیشتووانی شاری جوانڕۆ و دەوروبەری زۆرتر بووە و ڕەوتێکی گرتن و بێ سەر و شوێن کردن دەستی پێکردووە.

بە پێ هەواڵی گەیشتوو دوو کەس بە ناوەکانی عەدنان فەخری و عرفان خادمی کە بۆ یەکێ لە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردی کاریان دەکرد، گیراون و چارەنووسی ئەوان نادیارە. ئەمە لە کاتێکدایە کە چۆنێتی گیرانی ئەوان و ئەوە کە چ لایەنێك ئەوانی دەست بەسەر کردووە دیار نییە و تا ئەم ساتەوەختە هیچ ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن هیچ ئۆرگانێکی ئەمنییەت و ئاسایشی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران ئاراستە نەکراوە.

هەروەها بەپێی دەزگای هەواڵنێری هرانا، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو دوو کەس لە خوێندکارانی کرماشانی بە ناوەکانی حەمیدرەزا و ئەشکانی موسیبەتیان کە هەر دوویان بران و لە چالاکانی خوێندکارین، دەزگیرکراون و بۆ شوێنێکی نادیار گوازراونەتەوە. حەمیدڕەزا پێشتر چالاکی خوێندکاری بووە و ئێستا لە شاری کرماشان خەریکی چالاکیی مەدەنییە. ئەشکان خوێندکاری زانکۆی ڕازی شاری کرماشانە و ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامی خوێندکارانی هەمان زانکۆیە. ناوبراو بە هۆی چالاکیی خوێندکاری بۆ ماوەی یەکساڵ لە خوێندن بێبەش کراوە.

جێی ئاماژەیە پێشتر کاوە قاسمی کرماشانی بە هەمان تاوان دەزگیرکرا و بۆ ماوەیەك بێ سەروشوێن کرا، پاشان ئازاد کرا. هەروەها ساڵی پار لە ناڕەزایەتییەکانی دژ بە ئەنجامی هەڵبژاردن لە شاری تاران، خوێندکاری شاری کرماشان بە ناوی "کیانووش ئاسا" لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی حوکوومەتی ئیسلامییەوە کوژرا.



**مۆحسێن باوەجانی: نابێ کۆمەڵگەی ئێستای کورد لە خورهەلاتی کوردستان گرێیدەن بە بارودۆخێك کە سەردەمانێك شەڕی چەکداریان تێدا کردووە.**

3



**کورتە مێژووی کوردی فەیلی**

6



**انفکاك عملی در استراتژی روسیه و ایران**

7



**پنج سال فعالیت و وقوع رویدادهای اجتماعی ـ سیاسی مورد انتظار**

8